# ئەوەی وێنەکان پێمان ئەڵێت :
# گەڕانێك بەشوێن ماناپەنهانەکانی فلمی ونبویەك لەعیراق

**محمد حسين**
Mihamad_79@yahoo.com

**بەشی یەکەم :**

باتۆزێك پێکەوە سەیری زمان وفکری وێنە بکەین , وێنەئەتوانێت زۆرشتمان پێبڵێت , زۆرپەنهانی ژیانی واقعیمان بەرەنگ وبۆیەکی هونەریەوە بخاتەبەردەست ,نزیکەی سەدەیەکە هونەری سینەما بەگەمەی وێنەسازی ژیا نمان نیشانئەدات, کەچی ئێمەبێ بەش بوین لەبینینی دنیای خۆمان لەنێوئەم هونەرەدا , هەمیشە لەکولتوری کوردیدا گلەیی‌لەدەستکورتی وهەژاری لەبواری هونەری سینەمادا کراوە , لەنێو ئەم کایە دەست کورتەشد ایەڵماز گۆنایی دەرکەت وەك ئەستێرەیەك لەرۆژگارێکدا کەئاسمانی سینەمای کوردی تاریك وبێ‌ئەستێرە بوو ,رۆژگارێك کەقسەکردن لەسینەمای کوردی بۆخۆی پڕبوولەگومان ودوودڵی لەبونی شتێك بەناوی سینەمای کوردیەوە ,ڕاستەزمانی هونەرو فلمەکانی (( گۆنایی )) تورکی بوو بەڵام ئەوجیهانەی لەچاوی کامێراکەیدا ئەیبینین , جیهانی کوردە بەهەموو بەکێشەو گرێ وئالۆزیەکانیەوە , بەهەموو ئەونەهامەتیانەوە کوردبون کردویەتیە قەدەری ئەومرۆڤانەی هەمییشەچەوسێنراونەتەوە .
دوای فلمی (( ساتێك بۆمەستی ئەسپەکان )) بەهمەنی قوبادی وەك ناوێك بەگوڕوتینێکی پڕداهێنانەوە ناچاری وەستانی کردین لەسەربینینی‌سیناریۆو دیمەن و وێنەو کەشی هونەری زۆرجدی . بینینی بێنەوایی وبێباوکی وقەمبوری و کاری تاقەت پڕوکێنی منداڵەبێنازە کانی کۆمەڵگای کوردی , ئەو شەل وکوێرو گۆج وبێکەس وبێخاوەنانەی بەرداشی ژیان ئەیان هاڕێت , (( چۆن دەبێت چاوی جیهان ئەم هەموو ئیشکالیەتەی ژیان نەبینێت لێرە ؟ ))دەتوانین ئەم پرسیارە بکەینە دروشمی کامێراکەی بەهمەن ولێرەشەوە شۆڕبینەوە بۆناوپاشخانی فکری دیمەنەکانی فلمی(( گۆرانیەکانی وڵاتی دایکم یان گەڕان بەدوای ونبویەکدا لەعیراق )) ئەمە ناونیشانی فلمەکەی دەرهێنەری بەناو بانگ (( بەهمەنی قوبادیە )) . ئەم فلمە نیشاندانی واقعێکی تراژیدیە بەشێوەیەکی زۆرساکارو بەتەکنیکێکی سەرکەوتوانە کەشێوازی هەمیشەیی دەرهێنەرە لەبەکارهێنانی خەڵکانی ئاسایی لەجێگەی ئەکتەری پیشەوەر , دواجار ئەم ئەکتەرانەش هەر وەك ژیانی ڕۆژانەیان چرکە ساتەکانی ژیانیان ئەبەخشنە کامیراکەی بەهمەن و دور لەمکیاژکردن ئەو پەیامە دەگەیەنن کەدەکرێت بەنواندنی ئەکتەر بگەیەنرێت , ئەمە جگە لەزیرەکی لەبەکارهێنانی ئەوانەدا ماندوبون وهەوڵی جدیشی پێوەدیارە تائەوانە ڕاهێنراون بتوانن دەورەکەی خۆیان بەو جوانیە بنوێنن ,چونکە نواندن بۆکەسانێکی ناشارەزا یبواری هونەری بێگومان ئەرکی دەرهێنەرزیاترو قورستر ئەکات . لەوانەیە گونجاوتر بێت وردەکاریە هونەریەکانی‌ئەم فلمە کەسێکی پسپۆری بوارەکە قسەی لەسەر بکات , کەلەم باسەدا ئێمە زۆربەدەوریا ناچین وئەوەی کەجێگەی سەرنجمانە پەیامە فەلسەفیو مرۆییەکەی فلمەکەیە,کەلەدوتوێی دیمەنەکانیدا زۆرجارفکرێکی قوڵ , پەیامێکی مرۆی بەرزوو جوان ئەبینرێت ولێناگەڕێت بەبێدەربەستی خۆمانەوە بەسەریا تێپەڕین .
گەڕان بەدوای ونبویەکدا لەعیراق چیمان نیشان ئەدات ؟ ئایا هەر کۆمەڵە دیمەنێکی واقعە تراژیدیە کەی کۆمەڵگای کوردیە یان لە پشت هەروێنەیەکەوە کۆمەڵێك ئاماژەی فەلسەفی وفکری ڕامان ئەگرێت و هەرئاماژەیەکیش دیوێك لەناڕێکیەکانی ژیا نمان نیشان ئەداتەوە ؟ زۆربەسادەی دەکرێت بڵێین وێنە لەم فلمە دا ئەرکی هەر نیشاندانەوەی واقع نیە بەڵکو پەیامێکی فکریشی پێیە کەدەخوازێت لێی ڕامێنین , باش لێی ورد بینەوەو سەیری ناو کرۆکی دیاردەکان بکەین . سادەیی وبەرائەتی ئەکتەرەکان لێناگەڕێت هەر بەسادەیی خۆیانەوە بیان بینین ,بەڵکو هەر چرکە ساتێکی نواندیان دیمەن گەلێکی وهای ژیانی ئاسایی خۆیا نمان نیشان ئەدەن کە هەرگیز

ئاسایی نیە ژیان لەئەمڕۆی سەدەی بیست ویەك وشۆڕشی ئینفرماشیۆن وگلۆبالێزەیشندا وەها بگوزەرێت .ئەم فلمە هەلگری پەیامێکی گەورەی مرۆییە بۆ جیهانی ئەمڕۆ , پەیامێك کە دەیەوێت بلێت دەستە ئاسنینە کان بەرپرسن لەم دۆزەخەی هەمیشە ئەم سوتێنێت وفێریش بوین بەرگەی بگرین ,ئەیەوێت بلێت هەرچەندە لەبیرم کەن و پەراوێزم خەن وچارەنوسم بکرێتەکاغەزێکی لولکراوی ناو سەلەی زبلدانی گۆنگرە نێودەوڵەتیەکان ورێکەتنە سیاسی وئابوریەکانی خوا پێداوەکان هێشتا هەر سورم لەسەر درێژە دان بەژیان و بۆخۆمان توانای بەرهەم هێنانی وزەی ژیان دۆستیمان هەیە سەرەڕای توندو تیژی جیهان و هەموو شتە کان بەرامبەرمان .ئەو ژیانەی کامێرا لێرەدا نیشا نمان ئەدات گەلێك ئالۆزترە لەوەی کورتی کەینەوە بۆئەو ( 97 )خولەکەیبینینی دیمەنەکان سرمان ئەکات .

چیرۆکی فلمەکە باسی گەڕانی (( کامیرزا )) یە بەشوێن (( هەنارە )) دا دوای ئەوەی هەواڵی بۆدێنن کەهەنارە لەکۆڕەوەکەدا هاتووەو لەیەکێك لەئۆردوگاکانی سەرسنورە ,ئەمەش دوای دابڕانێکی 23ساڵە ئاگری بێئۆقرەیی لەدڵی کامیرزابەرئەدات وهەردوو کوڕەکەی (( عەودە )) و(( بەرات ))ئەخاتە دوای خۆی و بەبێڕەزامەندیان ئەچن بەشوێن هەنارەدا , لێرەوە بەشێوەیەکی درامی ڕوداوەکانی تریش دەست پێئەکات , کامیرزاو هەردوو کوڕەکەی سێ هونەرمەندی بەناو بانگی ئاهەنگ گێڕن وبەدەم ئاهەنگ سازیەوە گەشتەکەیان دەست پێئەکەن ودەڕۆن تادواجار عەودە ئەبێتە خاوەنی دووکوڕی بێسەرپەرشتیارو بەراتیش کەوتە دوای عەشقی ئەو کچە جوانە دەنگ خۆشەی بەڕێکەوتێك یەکیان ناسی وکامیرزاش دوای گەڕانێکی زۆرهەنارەی دۆزیەوە لەو سەر سنورە لەگەڵ بڕێکی ترژنی بیماریچەکی کیمیاوی کەبەهۆی تێکچونی ڕوخساریەوە نەیتوانی دەمامکەکەی لادات وڕوخساری خۆی نیشانی کامیرزابدات ,کامیرزاش دوای ئەو هەمو ماندو بونە ئەوەی دەستی کەوت لەم گەشتەیدا کچە بچکۆلە جوانەکەی هەنارەبوو بەناوی ( سنور)ەوە ,لەوانەیە گەورەکردنی ئەم کچەش بۆکامیرزاهەرئەونەدەگرنگ بێت کەجوانیەکەی لەهەنارەخۆی ئەکات .ئەم گەشتە تەنهاهەرگەشتی ئەوسێئەکتەرەنیە کەئێمە پێی ئاشنایین بەڵکو پانۆرامای ژیانی هەمووئەوخەڵکانە یشە کەلەو جوگرافیادیاری کراوەدا ئەژین فلمەکە نیشا نمان ئەدات . ژیان لەنێو ئەم جوگرافیاداتابلێیت سەخت وپڕتوندو تیژیە ,هەمو شتێك تیایدالەملانێدایە لەگەڵ ژیاندا ,لەزۆربەی دیمەنەکاندا شوێندەستی سەدام حسین وحکومەتی بەعس بەکاولکاریەکانیەوەدیارە , وێرانەکانی سەدام لەجەستەی مرۆڤەکاندا ,لەکاولکاری گوندو شوێنی نیشتەجێی خەڵکەکەدا ,لەوێران کردنی ژیان دا وەکو گشتێك بەئاشکرا دەبینرێت , لەگەڵ کۆمەڵێك مرۆڤداین ڕاهاتون وئەزانن چۆن بەگۆرانی وتن ڕوبەڕوی ئازارەکانی ژیان ببنەوە , لەم جوگرافیا سەختەدا هیچ چرکە ساتێکی مەرگ نیە لەبەرامبەریا عەشقێکی پاك دروست نەبێت ,هەربۆیە کە بینینی فلمەکەمان تەواو کرد هەست دەکەین هەموو ڕیتمی فلمە کە ململانێیەکە لەنێوان مەرگ وعەشقدا , گریان و گۆرانی , شەڕو شایی , ئەم ڕەگەزە دژ بەیەکانەیش ئەوەندە جوان چنراون و لەناو یەکدا دەرگیرن زۆربەباشی هارمۆنیەتێکی جوانی فلمەکە پێك دێنن وناوەڕۆك وناخی دنیا زۆرسادەو ساکارەکەی ئەکتەرەکان وژینگە سروشتیەکەیان نیشان ئەدات .

هەمو شتێکی توندو تیژ : دیارترین وگشتگیرترین ڕەگەز لەوێنەکانی نێو ئەم فلمەدا توندو تیژیە کەدیمەنی زاڵە لەهەمو شوێنێك ولای هەمو شتێکیش , لەسایکۆلۆژیای ئەکتەرەکاندا , لەشایی و پرسەکاندا , لەمۆسیقاو گۆرانیدا , لەهاژەی فڕۆکەکانی ئاسماندا , لە پێکەنین وشۆخی کردنی خەڵکی ناو چاخانەکەدا بەکامیرزا , لەڕێگری چەتەکانی شەوە ساردە کان ...هتد هەرتوندو تیژیەو خۆیمان نیشان ئەدات . لەم کەشەدا سروشت لەهەموان زیاتر توندو تیژە , لەوانەیە هەر سیحری ئەم سروشتە سەختە بێت مرۆڤەکانیش وابەو جۆرە کەلەشەقن و وەکو شەڕەکەڵەشێربەیەکدا هەڵئەگژێن و ئامادەن لە پێناوی مانەوەدا تائەو پەڕی چاوقایمی لەگەڵ ئەو سروشتە سەختەدا بکەونە ململانێوە . هەندێك لەدەرکەوتە کانی مۆدێرنە لەم فلمەدا ئەبینین کەواهەر هەر هەمان دیوە توندو تیژو ناعەقلانیەکەی مۆدێرنەیە نەك بەها ژیان دۆستە کانی . بۆنمونە چەك , فڕۆکە ی جەنگی , بۆمبی کوشندەو وێران کەر , چەکی کیمیاوی , تەلەدڕکاویەکە کەئاماژیەبۆسنورە سیاسیەکانی دنیای مۆدێرن ....هتد. ئەکرێت بلێین ئەمە ش نیشاندانێکی تری دەستە ئاسنینو تاوانکارەکانی مۆدێرنەیە کەتاناو ئەم ژیانە سادەو سەرەتاییەش هاتووە . ئەوەی دەکرێت لەم فلمەدا وەکو گوتاری دەرهێنەر

**وەری بگرین ئەو پەیامەیە کەدەڵێت ,تەماشاکەن مرۆڤەکان چۆن لەگەڵ سروشت و هەمو شتێکدا لەزۆرانبازیدان ,گورگ ئاسا توندو تیژن بەرامبەر یەکتری ,چۆن ململانی٘لە پێناوی مانەوەدا بووە بەقورسترین شەڕلەگەڵ هەموو ئەو شتانەی ناهێڵێت ژیان بەئاسایی بگوزەرێت ,ئالێرەدایە هەموان قوربانین وجەلادیشن ,هەموان ناچارن لەهەمو کاتێکدا تالأوی توندو تیژی یەکترو سروشتیش پێکەوە بچێژن . کەشی نێو فلمەکە زستانێکی بەفرگرتوو کوێستانێکی شاخاویە , مرۆڤەکان تائەو پەڕی سەرەتایی بوون لەنێو ئەم سروشتەدا دەژین , دنیایەکە بەتەواوی لەدەرەوەی مۆدێرنەو یاساکانی ژیانی هاوچەرخ . تەنها دیاردەی دنیایی مۆدێرن لێرەدا ئەو بۆمبانەیە کەبەسەر بەفرەکەدا ئاگرێکی گەشیان دائەگیرساند . تەواو جە نجاڵیەکانی ژیانی مۆدێرن لێرەدا نائامادەیە . هیچ شتێك نیەئەمانەببەستێتەوە بەژیانی کۆمۆنیکاشیۆنی هاوچەرخەوە .**

**ماویەتی** ..........